حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی دهۆك ـ کۆلێژی پەروەردەی بنیات

بەشی مێژوو ـ قۆناغی یەکەم

گرووپ A _ خوێندنی بەیانیان

# بابەت

# ( ئاینی زەردەشتی و بەڵاوبونەوەی لەکوردستان )


ئامادەکردنی قوتابی /

جیهاد صابر عبدالرحمان

بەسەرپەرشتی دکتۆرە /

خالیدە سلمان ابراهم

# پێرست...

١ـ سەردەمی لەدایکبوونی زەردەشت ( لا / ٣ )

٢ـ کەسایەتی زەردەشت ( لا / ٤ )

٣ـ ئاینی زەردەشت ( لا / ٤ )

٤ ـ کتێبی ئاوێستا ( لا / ٥ )

٥ ـ ئاهوڕامەزداو ئەهریمەن ( لا / ٦ )

٦ـ قیبلە لەلای زەردەشتیەکان ( لا / ٧ )

٧ـ هەندێ بیروباوەڕی زەردەشتیەکان ( لا / ٧ )

٨ ـ بڵاوبونەوەی ئاینی زەردەشتی لەکوردستان ( لا / ٨ )

٩ـ بەردەوامی بڵاو بونەوەی ئاینی زەردەشتی لەکوردستان ( لا / ٨ )

١٠ ـ کۆتایی هاتنی زەردەشت پاش باڵادەست بوونی ئیسلام ( لا / ٩ )

# سەردەمی لەدایکبوونی زەردەشت

سەردەمی لەدایکبوونی زەردەشت دەگەریتەوە بۆ(٦٦٠ ساڵ پ. ز) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاریزگای کوردستان شاری وورمێی ئێستا لە ناوچەی شارۆچکەی سەردەشەت لە خێڵی سپیتەمان هاتۆتە دنیاوەو هەورامان بەتایبەت ونشینگەی پەیدابونی و ژیانی زەردەشتە. دەتوانین بەچەند بەڵگەیەک بیسەلمێنین لەم ناوچەیەدا و بەتایبەتی لە ناوچەی شاۆچکەی سەردەشت لەدایکبوە و دواتر کۆچی کردوە بۆ ناوجەکانی دیکەی مەدیا:شوێنەوارەکان باشترین وتەی ئێمەن بۆ لێکۆڵینو واژەی رۆژهەلات ناسەکان جگەلەوەش چەندەها گوندو ناوجە بەناوی ئاڤیستای ناونراوە سەرەرای ئەوزمانەی کە پێی ئاخاوتونو ئاویستای پینوسراوەتەوە کە ئاڤیستاییەو لەونوجەیەدا بەکارهینراوەو ئێستاش لەناو هەوارامیدا هەرماوە پێدەچی هەمان ئەو زارەشبی مابێتەوە و نەفەوتانێ. زەردەشت (سپیت مان) بووە، بەواتای بەواتای ڕەگەزی سپی یان (سپی پێست). یان {تەمێکی سپی} واتە لە تەمەوە هاتووە. لە کتێبی ئاوێستادا کە کتێبی پیرۆزی ئایینی زەردەشتیانە، بەم جۆرە ناوی زەردەشت نووسراوە (زەرەتاو شەتەرە ئاتی). بەواتای (خاوەن وشتری زێرین) دێت، بەشێوە زاری هەورامی بەواتای (ئەی کەسێ کەوەک تیشکی خۆر ئەدرەوشێیتەوە و ئەباری) (زەڕ) بەمانای تیشکی زێرینی خۆر، (تاو) بەواتای تین، (شتەر) بارین (ئاتی) هاتووی یان لە دەشتی زەردەوە هاتووە، ئەم پێغەمبەرە کەناوی ڕاستی ئەو لەهیچ نوسراووێکدانەنووسراوە، بەو ناسناوەی کە پێیان بەخشیوە بەرەبەرە بەشێوەی زمانی گشتی بەناوی (زەردەشت) ناسراوە و لەمێژودا جێگیر بووە وئەم ناوە بڕاوە بەسەریدا. زەردەشت تا تەمەنی چل ساڵی لەناو هەورامییەکاندا بەمەڕ لەوەڕاندن ژیانی بردۆتە سەر. ژنی هێناوەو بووە بەخاوەنی خێزان، یەکەم کچی (فەڕینی) بوو، دووەمی (پریتی) بوو، کچی سێیەمی (پووروچیستا) بوو، بەواتای پڕ لە زانیاری، کچی سێییەمی بووە بە هاوسەری (جاماسب) وەزیری (کەیگوش تاسب), ئەم شایە پێش بوونی زەردەشت بەپەیامبەر پێشبینیکردووە کە زەردەشت دەبێتەپەیامبەر، زەردەشت لە تەمەنی چل ساڵیدا گۆشەگیردەبوو، حاڵەتێکیتایبەتی بەسەردا دەهات، خۆی لەگەڵ خۆیدادەدوا، تا لەلایەن خوای گەورەوە بەم شێوەیە سروشتی بۆ هاتووە، (ئەی زەردەشت تۆم بە پەیامبەر هەڵبژارد و گەلەکەت هانبدە بۆ پەرستنی خوای نادیار (ئاهورامزدا) و باخۆیان دووربخەنەوە لە خواوەندە درۆکان وهەڵخەڵەتێنەرەکان، تەنها ئاهورامزدا بپەرستن وتەنها ئەو شایانی سوپاسگوزاریە. ساڵی کوردی بۆ یادی لە دایک بوونی دانراوە لە چل ساڵیدا بۆتە پەیامبەر واتە ٦٦٠ ساڵ پێش زایین ئایینی زەردەشت پەیدا بووە یەکەمین کەس کە پەیامبەری زەردەشتی پەسەندکردو باوەڕی پێهێنا یەکێ بوولە ئامۆزاکانی بەناوی (مزی ماو). بەبلاَوبونەوەی ئاینی مزدائی، (خووی) یەکان کە دانیشتووی ناوچەی (خووی) بوون، چوون بەگژ زەردەشت و پەیڕەوانیدا. زەردەشت ناچار بووە کۆچ بکات بۆ ناوچەی (سنە) و لە شوێنێکدا جێگیر بوو بە ناوی کێوی (ئاوشی درینەر), کەپاش هەزاران ساڵ ناوەکە گۆرا بە (ئاویدەر) ,لەوسەردەمەدا ئەو کەسانە کەمتر لە شارەکاندا نیشتەجی ئەبوون، لەبەر ئەوەی ڕان و ئاژەڵەکانیان پێویستییان بەلەوەڕ گەو ئاوی زۆروسازگار بوو، کێوی ئاویدەری سنەش ئەو مەرجانەی تێدا بوو. زەردەشت لەسەر ئەو کێوە بۆ دووەم جار سروشی پەیامبەری بۆ هاتووەو دڵنیا بووە کە (ئاهورا مزدا) ئەوی بە پەیامبەر هەڵبژاردووە. دانیشتووانی ئەو ناوچەیەی بانگەواز کرد بۆخوا پەرستی، بەرە بەرە سەر پێچیکەرانی زۆربوون، تاوای لێهات نەیتوانی لەوی ژیان بەرێتەسەر، ناچار بوو کۆچ بکات بۆ ڕۆژ هەلاَتی ئەو ناوچەیەو لەسەر کێوی (هۆگیر) جێگیر بوو کەدواتر بەکێوی (هیجر) یان (هەجیر) ناو برا بۆ سێیەم جار لەوی سروشی بۆ نوێبوَتەوە، لەوی بانگەوازەکەی نوێکردەوەو سرووده ئایینییەکانی، کە بە (گات) ەکانناسراون، هۆنینەوە. ئەم (گاتانە) بەشێکن لەئاوێستاو بریتین لەسوپاسگوزاری (ئاهورا مزدا). ئەو ناوچەیە بەناوی (دینئاوەر) ناسراوە، تائەمڕۆش بە (دینەوەر) ناسراوە دانیشتووانی کێوی هەجیر ئایینی ڕاستیان پەسەند کردوەو پەیڕەوانی زەردەشتی پەرەیان سەندو پاشای ئەو ناوچەیە، کە لە سەرکێوەکە کۆشکی دەسەلاَتی دروستکردبوو، لەوی ئەژیاو بە (گنگ شا) ناوداربوو، کە لەناوچەی (سەحنە) یا (سەهنەی) ئیمڕۆیە ئەو کاتە بە (سائین دژ) بەمانای قەلاَی سائین ناودار بووە، ئەو پاشایە ئایینی زەردەشتی پەسەندکردو باوەڕی پێهێنا. شا (کەیگوشتاسب) ناوچەیەکی فراوانی ژێر دەسەلاَتداریی خۆی بەخشییە پەیڕەوانی زەردەشت بۆ ئەوەی خواپەرستان و پارسیان لەو ناوچەیەدا بە کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریکبن. زەردەشت دەستیکرد بە درووستکردنی ئاتەشگەکەی خۆی لەناوچەی (باکتیرا) کە پارسەکان لەو ناوچەیەدا ئەژیان، پاش هەزاران ساڵ گۆڕا بە ناوی پارسینە لەناوچەی دینەوەری کرماشان، باکتیرا گۆڕرا بە (باختەر) و پاشان بۆچوونەکان وابوون کە زەردەشت لە هەرێمی (بەڵخ) و (بوخارا) ژیاوە، بەلاَم ئەو دێیە ئێستەش بەناوی باکتەر ناو ئەبری و دوو دێی تر لە نزیکیەوە پێیان دەوتری باکتەرەکان. زەردەشت لەکەناری گۆمی ئورمیە بوو بە پەیامبەر، بەهۆی دژایەتیکردنی

دانیشتووانی، لە ناوچەی (خووی) ـەوە پەناییردە کێوی (ئاویدەر)، لەوێوە بۆ کێوی هەجیو، لەناوچەی (سائین دژ) (سەحنەی ئێستا)، دواتر بە ناوی دینەوەر ناوبانگی سەند، پاشان (کەیگوشتاب) چۆتەسەر ئایینەکەی زەڕدەشت و ئاتەشگەیەکی دروستکرد. پەیڕەوانی زەڕدەشت لە ناوچەیەک بە ناوی (پارسییە) نیشتەجێبوون. بەرەبەرە بەرەنگاریی ئایینەکانی ئەو سەردەمە بوونەوە، لە دێو پەرستان وئەستێرە پەرستان و درۆزنان لە ئەنجامی ئەو بەربەرەکانێیە، لە شەڕێکی خوێناویی سەختدا (گوشتاسب) و کوڕەکانی و زەردەشت و یارانی کوژران وئاتەشگەکەش وێرانکرا، پارسەکان بەپەراگەندەیی هەڵهاتن و لە شوێنانی تر نیشتەجێبوون و ژیانیان بردە سەر، ئاوێستا و سروودە ئایینییەکان و ئامۆژگارییەکانی زەڕدەشت بە هۆی هاوبیرانییەوە گوێزرانەوە بۆ دارستانەکانی مازیندەران و دورتر وەکو بەڵخ و بوخارا خۆیان پەنادا و پەرەیان بە ئاییینی زەردەشتی دا. دوای ماوەیەک لە دارستانەکانی مازیندەران ح

## کەسایەتی زەردەشت

سەرەتاو کۆتایی ئاینی زەردەشتیی بەخودی کەسایەتی زەردەشتەوە پەیوەستە. قسەو باسی زۆر لە سەر ژیاننامەو کارنامەو تەنانەت ئەگەری ئەفسانەیی بوونی خودی کەسایەتی زەردەشت هەیە، بەڵام بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان چ ئەوانەی پەیوەست بە مێژووی کۆن و چ ئەوانەی تایبەتن بەسەدە ناوەنجییەکانی ئیسلام، زەردەشت سەر بەمیدییەکانە کە لە نێوان سەدەکانی 8_6 پێش زاین شاری هەمەدانیان کردبووە پایتەختی خۆیان و باوەڕ وەهایە باپیرانی ڕەسەنی نەتەوەی کورد بن. باوکی زەردەشت (بوروزهازیو) کە کەسایەتییەکی بەناوبانگ نییە خەڵکی هەرێمی ئازەربایجانەو دایکیشی (دوغدما) خەڵکی شاری ڕەی (الري)کە لە نزيك تارانی پایتەختی ئێراندای ئێستادایە. ناوبراو لە ساڵی 660 پ. ز لە نزيك دەریاچەی ورمێ لە دايك بووە کە ئێستا بەشێکە لە رۆژهەڵاتی کوردستان. زەردەشت لە تەمەنی حەوت ساڵیدا چووەتە لای حەکیمێکی مەجوسی کە هۆزێکی تایبەتی میدی ـ ن و خاوەن بیروباوەڕێکی کۆنترن لە زەردەشتی کە هەر بەمەجوسی دەناسرێت. لای ئەم حەکیمە زەردەشت جگە لە پرۆگرامی خوێندنی باوی سەردەمی خۆی، زمان و وێژەو زانستی نوژداریی خوێندووە کە پێداویستییەکی سەرەکیی ئەو سەردەمە بووە. هەرچەندە بەڵگەی ڕاستەوخۆ لەبارەی ڕەچەڵەکی زەردەشتەوە لەبەردەستدا نییە، بەڵام زۆرێك لە توێژەران و رۆژهەڵاتناسان پێیانوایە لە نەتەوەی کوردە، بەڵگەشیان بۆ ئەم قسەیە ئەوەیە لەخاکێکدا لەدایکبووە کە نیشتمانی هۆزی موکریانە، جگە لەوەش زمانی کتێبە پیرۆزەکەی (ئاڤێستا) نزیکە لە زمانی خەڵکی ناوچەکە ئەگەر هەمان زمان نەبێت.

## ئاینی زەردەشتی

زەردەشت یەکێکە لەو کەسانەی بانگەشەی پێغەمبەرایەتی کردووە، هەروەها بانگەوازی خەڵکی کردووە شوێنی بکەون، ئاینەکەشی بەشێوەیەکی گشتیی بریتییە لە: پەرستنی خودا، دژایەتی شەیتان، فرمان بەچاکە و نەهی لە خراپە، دوورکەوتنەوە لە کرداری کەچ و بەد. زۆربەی ڕێنماییەکانیتری ئاینەکەشی زیاتر لە دەوری بوونی خوایەکی باڵادەست دەسوڕێتەوە کە لای ئەوان پێی دەوترێت (ئەهورامەزدا). زەردەشتییەکان بڕوایان بە حەتمیەتی کۆتایی دونیا هەیە کە ڕۆژی پەسڵانەو لەوێدا بەهەشت و ئاگر هەیەو دواتر خراپەکاران بەیەکجاریی لەناو دەچ. ئەم دیدو تێڕوانینە ئاینیانەش کە زۆر نزیکە لە ڕێنمایی ئاینە ئاسمانییەکانیتر پاڵی ناوە بە زۆرێك لەتوێژەرانەوە زەردەشتیی بەئاینێکی ئاسمانی بدەنە قەڵەم و شوێنکەوتووەکانیشی بە ئەهلی کیتاب بناسێننبناسێن. بەڵام لەبەر ئەوەی وا بڵاوە کە زەردەشت وتویەتی "ڕووناکی و تاریکی دوو بنەڕەتی دژ بەیەکن و بنەمای هەموو بوونەوەر پێکدێن. هەروەها لەبەر ئەوەی ڕێنماییەکانی زەردەشت جەخت لەوە دەکەنەوە کە هێزی شەڕی دژە خواوەند ناچنە ژێر هەژموون و دەسەڵاتی ئەوەوە. ئەوەی لێ فام دەکرێت کە ئەم ئاینە یەکتاپەرستی و دوالیزمەی دژ بەیەکی ئاوێتە کردبێت، بە واتایەکیتر دوو جۆر خواوەندی لەبوونەوەردا بڕیار داوە کە خوای خێرو خوای شەڕن، بە پێوەرە ئیسلامییەکەش ئەمە دەکاتە ئەوەی بوونی هاوبەش (شريك) ی بۆ خودای تاقانە بڕیار لێ دابێت. بەڵام بەدوور نازانرێت ئەم گومان و ئاڵۆسکانە دەربارەی خودا

کاری جێگرەوەو جێنشینەکانی زەردەشت بێت و بەشێك بێت لە شێواندن(تحریف) ی ڕێنماییەکانی نەخاسمە گەر ئەوە بزانین زۆربەی هەرە زۆری کتێبە پیرۆزەکەی زەردەشت (ئاڤێستا) لە دەمی داگیرکاریی ئەسکەندەری مەکدۆنیدا بۆ ئێران لەناو چووەو فەوتاوەو دوای سەردەمێکی زۆر دیسانەوە سەر لەنوێ نوسراوەتەوە. بەم پێیەش زۆربەی ئەدەبیات و دەقەکانی ئێستای زەردەشتیی هی پاشینەکانن و ڕەسەن و تایپی یەکەم نین و گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە.

## کتێبی ئاوێستا

وشەی ئاوێستا لە بنەڕەتدا واتاکەی بە "بێخ" دێت یان "ئەسڵ" وە یان "پەنا" یان "دۆستایەتی" هاتوە.

کتێبی ئاوێستا پەرتوکی ئایینی زەردەشتە کە هیچ گومانێکی تێدا نییە کە ئەم پەرتوکە هیچ سەرچاوەیەکی نەماوە، بەڵگەشم بۆ ئەمە، مێژوونوسان دەڵێن لە سەردەمی خۆیدا لە تەختی جەمشیدا لەو ئاتەشگایە هەڵگیراوە لە سەر پێستی گیانلەبەران نوسرابوەوە کە کاتێک ئەسکەندەر لە ۳۳۱ی پ.ز دا کە

هەخامەنشینەکان، بابلیەکان و پارسیەکانی گرت ئەو ئاتەشگایەی سوتاند و

ئاوێستاکەی لە ناو برد.

ئەو ئاوێستایانەی تریش کە لە ئاتەشگاکانی تردا مابونەوە وەك ئاتەشگاکانی هندستان، ئازەربایجان، یۆنانیەکان دزیان بۆ خۆیان مێژوونوسەکان دەڵێن زۆربەی زۆری فەلەك ناسەکانی یۆنانی لە کتێبی ئاوێستاوە فێری فەلەك ناسی بوون.

دەڵێن ئاوێستا سەرچاوەیەکی باش بوە بۆ گەردوون ناسی.

لە سەردەمی (ئەردەشیر) پاشای ئەشکانیەکان کە لە دوای نەمانی دەسەڵاتی ئەسکەندەرەوە وویستی سەر لە نوێ ئاوێستا کۆ بکاتەوە فەرمانی دا بە ڕۆحانی و موغەکان کە دەست بکەن بە کۆکردنەوەی ئاوێستا وە ئەمەش موغەکان و ڕۆحانیەکانی هاندا کە خۆیان بکەن بە زەردەشت وە ئەوان سەر لە نوێ داڕشتنەوەی ئاوێستا بکەنەوە.!

مێژوونوسی کورد مەردۆخی دەڵێت: ئەوەش بوە هۆی ئەوەی کە چەند زەردەشتێك دروست ببێت تا بە ئارەزووی خۆیان چەند ئاوێستایەك بنوسنەوە.!

لە دەوڵەتی ساسانیەکاندا زۆر برەویان دا بە ئاینی زەردەشتیەت کە سێکی ڕۆشنبیر کە بە ڕەچەڵەك کورد بوو بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لە ساسانیەکان وە دەسەڵاتی کوردی بێنێتەوە کایە ووتی من زەردەشتم؛ ئاوێستایەکی نوسراوەی جوانی بەدەستی خۆی خستە بەردەست ساسانیەکان، خۆشی کردە گەورەی موغەکان و ڕۆحانیەکان ، زەردەشتیەتی کردە یاساو ئایینی کیشوەری ساسانی.

ئەمە سەری نەگرت، پاشان لە سەردەمی (شاپور)دا گەڕانێکی زۆریان کرد لە یۆنان و هیندستان و ئاتەشگاکانی تری زەردەشتی دا تا بەم شێوەیە کۆیان کردوە کە لە ڕاستیدا ئاوێستا نەبوو، بەڵکو تەنها قسەو باس بوو لە سەر زەردەشت هەر قسەیەکی گێراوە بوو هیچی تر.

ئاوێستایان دروست کرد لە ۳۱ "نسك" یان بەش تا سەردەمی ئاینی ئیسلام.

کە ئاینی ئیسلام هات ئاوێستا کاریگەری ئیسلامی لە سەر بوو یان یاسایی (فیتودت) بەکار دەهێنرا کە کوڕ دەیتوانی دایك وە باوك کچی خۆی مارە بکات وە خۆشك و برا لەیەك مارە بکرێن لە سەر ئەو بنمایەی کە ڕەچەڵەك وون نەبێت لەسەردەمەدا ئەم کارە باو بوو بۆنمونە مێژوو نوسان دەڵێن؛ هاتنی ئاینی ئیسلام بۆ ناوچەکە ئەو چاکەیەی لەگەڵ میللەتی کورددا کرد کە مەحرەمی دروست کرد لە ناوچەکەدا لە یاسای شەریعەتی زەردەشتیدا بە ناوی یاسای (فیتودت) کە دایك لە کوڕی خۆی مارە دەکرا وە کچ لە باوك وە خوشك لە برا (کامبوزیا) کە کەسایەتیەکی ئایینی بوو خوشکەکەی خۆی هێناو پاشان کوشتی (هەرۆدۆت) لە ٤٨٤ تا ٤٨٩ ی پ.ز باسی کردوە، (ئەردەشیری دووەم) کچەکەی خۆی مارە کرد کە مێژوونوسی یۆنانی (کتیزیاس) پێنج ساڵ پێش زایین ژیاوەو ئەم مێژووەی نوسیوەتەوە پاشان ( قوباد) کچەکەی خۆی مارە کرد، مێژوونوس (ئاگاتیاس) باسی لێوە کردوە ( ئەنەوشیرەوان) ئەویش کچەکەی خۆی مارە کردوە پرۆفیسۆر (ڕالینوم) باسی کردوە کە وەرگێری مێژوی (هۆرۆدۆت)ە بۆ زمانی ئینگلیزی زۆری

تریش هەن کە کەسایەتی ئایینی بوون و ئەو یاسایەیان بەکار هێناوە کە گوایە ئێستا زەردەشتیەکان دەڵێن ئەمە لە ناو ئایینی زەردەشتیدا باو نەبوە بەڵکو لە ناو ئاریەکاندا باو بووە خۆ ئەگەر واش بێت زەردەشت پەیامبەری ئاریەکانیش بووە.!

ئایینی ئیسلام ئەو چاکەیەی هەبوە بۆ گەلی کورد کە ئەو یاسایەی نەهێشت.

ئەو چوار بەشەی ئاوێستا کە هیچ شەرع و یاسایەکی تێدا نەماوە بەڵکو تەنها چیرۆکی بەر ئاگردانن بریتین لە مانەی خوارەوە:

1 - دینکرد
2 - نەتەر
3 - ویستاگ
4 - یەزدەك

هەروەها لە ناو ئەو چواربەشەی ئاوێستادا پێنج بنەمایی سەرەکی هەیە بۆ بەندایەتی:

1 - یەسنا: واتا نزاو پاڕانەوە کە لە بەرانبەر ئاگردا دەخوێنرێت.
2 - ویس پزد: واتا بەندایەتی بۆ ئاهورا مەزدا ئەمە تەواوکەری یەسنایە.
3 - وەندیدان: ئەمەیان دەستوری ئیش وکارو سەرکەوتنە بەسەر دێوو درنجەکاندا.!!
4 - پشت یان سروود وەیان گاتە: ئەمە بۆ ئەو شەش فریشتەیە دەخوێنرێت کە زەردەشت گفتوگۆی لەگەڵ کردون.!!
5 - خوردە ئاوێستا: واتا ئەو نوێژانەی لە بۆنەو جەژنەکاندا دەخوێنرێت.

بە کورتی ئەمە باسێکی ئاوێستا بوو.

باوەڕی زەردەشتی..

لە ئایینی زەردەشتیدا ئاهورامەزدا بە خوای چاکە ناوزەد کراوە، ئەهریمەن بە خوای خراپە دانراوە.

هەمیشە ئەم دوو دەسەڵاتە کە لە ناو زەردەشتیەتدا بە خوا ناسراون لە کێشمەو وەرگرتنی دەسەڵاتدان بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لە دەست یەکتری.

ئەوەی کە جێگای سەرنجە ئەم دوو خوایە لە خوایەکی کەوە سەرچاوەیان گرتوە کە ناوی ( زەروان) کە گوایە "زەروان" لەمەولاوە دەسەڵاتی خۆی بەخشیوەتە دەست ئاهورامەزدا بۆ چاکە، بەڵام ئەهریمەن ئەمەی پێ ڕەوا نییە بۆیە کەوتۆتە گیانی شوێن کەوتوانی ئاهورامەزدا

## ئاهورامەزدا و ئەهریمەن

ئاهورامەزدا خودایە و ئەوەی هەردەم دژی دەوەستێت، ئەهریمەنە. واتە شەیتان کە ئیشی خراپە و شەڕە، ئاهورامەزدا خودای ڕووناکییە و دوژمنی تاریکییە. هێنەری شەنس و خۆشی و شادییە و هەموو سیفەتە باشەکانە، بە پێچەوانەی ئەهریمەن کە شەیتانە مایەی تاریکی ودەرد و ناخۆشییە. ئایینی زەردەشتی ئایینێکە داوای کاری چاکە و ڕەوشتی باش و یارمەتی نێوان بونەوەری مرۆڤ دەکات. ئاگر و ڕۆژ هێمای ئاهورامەزدان، بۆیە لای ئەوان ئاگر زۆر پیرۆزە و هەمیشە زەردەشتییەکان لەوە ئاگادار دەکرێنەوە کە ئاگر لە پەرستگاکان نەکوژێتەوە. هەر ئەمەشە کە وای لە ئایینەکانی تر کردوە کە وابزانن زەردەشتییەکان ئاگر پەرستن.

## قیبلە (ڕوگە) لەئاینی زەردەشتیدا

قیبلەی زەردەشتیەکان تیشک و ڕووناکیە. ئەوان لەڕۆژدا دەتوانن بەرەو ڕۆژ و شەوانە لەبەرانبەر تیشکی مانگ، ئاگر، مۆم، چرا نوێژ بکەن. زەردەشتیەکان تەنها لە ئاتەشکەدا ڕوو دەکەنە ئاگر و نوێژ دەکەن و تەنانەت ئەو کەسانەی لە درا

وسێ ئاتەشکەدەکانن ڕوو لە ئاتەشکەدە نوێژ ناکەن. ئاگر لە مەزدەیەسنا هێمای «ئەشا» یە. ئەو ئاگرەی لە ئاتەشکەدەدایە وەک ئاڵای مەزدەیەسنا و هێمای شووناسی دینی – کولتوری زەردەشتیەکانە. شایانی باسە کە نوێژ لە ئایینی زەردەشتیدا لە شەو و ڕۆژدا پێنج (٥) جار دەکرێت مێژینەیەکی چەند هەزار ساڵی هەیە و لە هیچ ئایینیکیترەوە وەرنەگیراوە.

## هەندێ بیروباوەڕی زەردەشتیەکان

## جەژنەکان

ئایینی زەردەشتی زۆر جەژنی تێدایە. ناوداترینیان نەورۆزە، نەورۆز جەژنی سەری ساڵە و دەکەوێتە یەکەمین ڕۆژی بەهار. وە بە ڕۆژی لە دایک بوونی پەیامبەر زەردەشت دێت

## ژیانی هاوسەری

زەردەشتییەکان باوەڕیان وایە کە زەردەشت هێنانی بێوەژنی لا پەسندترە لەوەی کە مێردی نەکردبێت، هەروەها ژنی بە منداڵی پێ باشترە لەوەی کە منداڵی نەبێت. هەروەکوو چۆن تەڵاق دان لەلای زەردەشتییەکان حەرامە.وە لای زەردەشتیەکان هاوسەرگیری لەگەڵ دایک،باوک، خۆشک،برا،مام،خاڵ،پوور،ڕێگە پێنەدراوە.

## مردن لەلای زەردەشتیەکان

زەردەشتییەکان باوەڕیان وایە کە ڕۆح دوای دەرچونی لە لەش، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەناویدا دەمێنێتەوە؛ دواتر بۆ جیهانی تر دەڕوات. هەروەها باوەڕیان بە حسابکردن ئەوەیە کە زەردەشتیی چاک تاهەتایە لە بەهەشت دەمێنێتەوە، مرۆڤی خراپیش تاهەتایە لە دۆزەخدا دەمێنێتەوە.

زەردەشتیەکان بارودۆخی تایبەتیان هەیە بۆ ناشتنی مردوەکانیان؛ چونکە ئەوان نایانەوێ جەستەی مردووەکان تێکەڵ بە یەکەکانی ژیان بێت وەکوو خۆڵ و ئاو و... هتد. چوونکە باوەڕیان وایە کە پیسیان دەکات بۆیە مردووەکانیان نانێژن، بەڵکوو بۆ باڵندە گۆشتخۆرەکان جێیان دەهێڵن لەسەر بورجی تایبەتی کە پییان دەڵێن «بورجەکانی بێ دەنگی». جەستەکان لەلایەن کەسانی تایبەتی لەسەر ئەم بورجانە دادەنرێن، دوای خواردنی جەستەکانیش لەلایەن باڵندەکان، ئێسقانەکان لە جێگایەکی تر دادەنرێن لە بورجەکان بەبێ ناشتن.

هەرچی ئەو زەردەشتیانەی کە لە کۆمەڵگای موسڵمانی دادەنیشن، کەوا ناتوانن ئەم کارە ئەنجام بدەن، هەڵدەستن بە دانانی مردوو لەناو سندوقی پتەوو، دواتر دەینێژن. بەمەش تیکەڵ بە سروشت نابێت.

## بڵاوبونەوەی ئایینی زەردەشتی لە کوردستان

زۆربەی هەرە زۆری مێژوونوسان و توێژەران پێیانوایە بەر لەهاتنی ئیسلام، ئاینی زەردەشتی ئاینی زۆرینەی گەلی کورد بووە. هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا شتێکی بەڵگە نەویست و زانراوە کە زەردەشتی تاقە ئاینی کورد نەبوە، رەنگە زۆرینەو باڵادەستییەکەشی بەرێژەیەکی زۆر نەبووبێت لەناو کورد، چونکە لە دێر زەمانەوە گەلی کورد لە سایەی فرەیی ئاین و ئاینزادا ژیاوە،لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بەرێژەی جیاواز ئاینەکانی جوولەکە، کریستیانی، ئێزیدی، مانی، مەزدەکی و پەرستنی دیارە سروشتییەکان باوو بڵاو بو

داتاو دراوە مێژوییەکان ئاماژە بەوە دەکەن هەرچەندە زەردەشت لە ناوچەیەکی کوردنشیندا سەریهەڵداوە، بەڵام سەرەتا ئاینەکەی وەکو پێویست لەناو گەلی کورددا نەیتوانیوە جێگەی خۆی بگرێت و بڵاو ببێتەوە، ناچار زەردەشت پەنای بردوەتە بەر پادشایبەشە رۆژهەڵاتییەکانی ئێران بەناوی (گشتاسپ) کە شاری بەلخی کردبووە پایتەختی خۆی کە دەکەوێتە باکوری ئەفغانستانی ئێستا. ئەم پادشایە هەر بەوە نەوەستا کە خۆی بچێتە سەر ئاینی زەردەشتی بەڵکە خەڵکی میرنشینەکەی ناچارکرد ئەم ئاینە بکەنە ئاینی خۆیان و، لە پاش کوژرانی زەردەشت گرنگیی بەئاینەکەی داوەو درێژەی بە بڵاوکردنەوەی داوە. بەم پێیەش پادشا گشتاسب هۆکاری سەرەکیی بڵاوبونەوەو ناساندنی ئاینی زەردەشتییەو هەر لەمەملەکەتی ئەویشەوە هاتوەتەوە بۆ وڵاتی کوردان، لە سایەی سیاسەتەکانی ئەم پادشایەدا زەردەشتی لەنێوان سەدەکانی 6_5 پ. ز بووە ئاینی باڵاو یەکەم لە سەرجەم بەشەکانی وڵاتی ئێرانی ئێستا، بە ناوچە کوردنشینەکانیشەوە. سەرباری ئەم پشتگیرییە سیاسییەش لە سەدە کۆتاییەکانی پێش زایندا ئاینی زەردەشتی چوەتە قۆناغی مت بوون و خامۆشی و هیچ چالاکییەکی ئەوتۆ دەربارەی تۆمار نەکراوە تا ئەوکاتەی کە فارسە ساسانییەکان لە ساڵی 226 زاینی کردیانە ئاینی فەرمی لە دەوڵەتی خۆیان (ساسانی)، بەم هۆیەشەوە زەردەشتی بوو بەئاینی سنوری قەڵەمرەوییەکەیان کە هەرێمی چیاو باشووری هەرێمی چیاو ناوچەکانی دەوری ئازەربایجانی دەگرتەوە کە دەکاتە رۆژهەڵاتی کوردستانی ئێستا. جگە لەو ناوچە کوردییانەی سەر بە دەوڵەتی ساسانی بوون، ژمارەیەکی زۆری کورد لە قوڵایی وڵاتی فارس و ئێران ژیاون کە بەپێی هەندێ ئامار لە سەدەکانی ناوەراستی ئیسلامیدا ژمارەیان زیادیکردوە بۆ نیو ملیۆن خێزان. بێگومان ئەمانەش لەژێر کاریگەریی بە فەرمی ناساندنی ئاینی زەردەشتیدا بوون لە لایەن ساسانییەکانەوە، بەڵام ئەم کاریگەرییەی ئاینی زەردەشتی لە ناوچەکانی جەزیرە (باکوری کوردستان) کاڵتر بوەو ئەم ناوچانە زیاتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئاینی جوولەکەو کریستیان، ئەمەش بەرِوونی لە شوێنەوارە دێرینە دۆزراوەکان و کلتووری ئەو ناوچەیەدا دیارە. لەگەڵ هاتن و دەرکەوتنی ئیسلامیشدا خۆری ئاینی زەردەشتی رووی لە ئاوابوون کردو وەکو ئاینی زۆرینە و باڵا دەستی وڵاتی ئێران و بەشە جیاجیاکانی کوردستان کۆتایی پێهاتووە

## بەردەوامیی کاریگەریی زەردەشتی لەسەر کورد

هەندێ لە رۆژهەڵاتناسان پێیانوایە سەرباری ئەوەی کوردەکان لە سەدەی حەوتەمی زاینیدا بەشێوەیەکی بەربڵاو چوونەتە سەر ئاینی ئیسلام بەجۆرێك لە جۆرەکان کاریگەریی ئاینی زەردەشتیان لەسەر ماوە کە سروتە سەرەکییەکانی بریتییە لە پەرستشی خۆرو ئاگر و دانانی ئاگر بە بنەرِەتی دابو دەستورە ئاینییەکا. بەرای ئەم توێژەرانە ئەم کاریگەرییەی زەردەشتی لە سەر کورد لەوەدا دیارە کە کورد تائێستاش بوونی ئاگر و ئاگردان لە ماڵدا بەنیشانەی بەردەوامیی خێزان دەزانن. هەروەها گێرانەوە مێژوییەکان ئاماژە بەوە دەکەن زەردەشتییەکان و سروتەکانی زەردەشتی لە ناوچە کوردنشینەکان تا سەردەمانێکی درەنگی سەردەمی عەبباسی (749_1258ز) درێژەو بەردەوامیی هەبووە، هەروەها لە ناوچەکانی ئێران و لەو دەڤەرە کوردییانەی سەر بەئێران بوون، زەردەشتی و مەجوسییەکان گەورەترین کەمایەتی ئاینی بوون لەژێر سایەی حوکمرانی خەلافەتی عەباس. هەر لەم سەردەمەشدا گەرِیدەو مێژوونوسەکان تێبینی ئەوەیان کردووە ئاتەشگەیەکی گەورەی زەردەشتی لە ناوەراستی سەدەی دەیەمی زاینی لە شاری ورمێ ـ ی باکوری رۆژئاوای ئێران هەبووە کە رووگەی ئاگر پەرستەکانی هەموو ناوچەکە بووەو هیچ کات ئاگردانەکەی خامۆش نەبووە. هەروەها لە شاری حەلوان و ناوچەکانیتری دەوروبەری تا سەدەی سیازدەیەمی زاینی ئاتەشگەی زەردەشتی بینراون، لەکرماشان ئاسەواری زۆری زەردەشتی دۆزراوەتەوە کە هێمایە بۆ خواوەندی (ئاهورا مەزدا). هەر لەم سەدەیەشدا (13 ز) یاقوتی حەموی ئاماژەی بە بوونی گوندێکی زەردەشتی کردووە بەناوی "بیت النار" لە نزیك شاری هەولێر.

یەکێك لە شاعیرەکانی عەرەبیش بەناوی (ابن المستخف ـ 1237 ز مردووە) ڕقی لە بوونی وەها گوندێکی زەردەشتی بوەتەوەو لە دوو دێڕ شیعردا دەڵێت

أربل دار الفسق حقاً فلا يعتمد العاقل

لو لم تكن دار فسوق لما أصبح بيت النار دهليزها

هەتا بەرەو ناوچەکانی باکوری کوردستانیش بڕۆین ئەم بڵاوبونەوەو کاریگەرییەی زەردەشتی لاواز دەبێت بەجۆرێك تەنها یەك ئاماژەی گەڕیدە ناسر خوسرەو (1088ز، مردووە)لە بەردەستدایە کە باس لە بوونی کۆمەڵێك زەردەشتی دەکات لە شاری ئەرزن ـ ی هەرێمی ئەرمینیا بەبێ ئەوەی ڕەگەزیان دیاریی بکات، بە وتەی ئەم گەڕیدەیە ئەم کۆمەڵە زەردەشتییە کە عەبدولرەقیب یوسف بەکوردیان دەداتە قەڵەم لە سایەی حوکمی ئیسلام پارێزگارییان لە ئاینی خۆیان کردووە.

بەڵام تا لە سەرچاوە مێژووییەکان ورد ببیتەوە ئەوە دەردەکەوێت کە ئاینی زەردەشتی لە بۆتەی ئیسلامدا بەردەوام تواوەتەوەو هەمیشە بەرەو لاوازیی و بچوکبونەوە ڕۆشتوە لەسەر دەستی موسوڵمانەکان، لەم میانەیەدا سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن لە ساڵی 282 ك/895 ز موسوڵمانەکان یەکێك لە گەورەترین پەرستگاکانی ئاگریان لە شاری هەمەدانی ڕۆهەڵاتی کوردستان رووخاند و ئاگرەکەیان کوژاندەوە،لە کاتێکدا ئەم ئاتەشگەیە یەکێك بووە لە سێ ئاتەشگە سەرەکییەکەی وڵاتی ئێران (23). روخاندنی ئەم ئاتەشگایە بەدوای ئەوەدا هات کە لە ساڵی 280ك/893ز خەلیفەی عەباسی کردنەوەی ئاگری نەورۆزی لە زەردەشتییەکانی سنوری قەڵەمڕەویی خەلافەت قەدەغەکرد(24). سەردەمی حوکمڕانیی بوەیهییەکانی لێ دەربچێت (946_1055ز) کە خۆیان بە نەوەی ساسانییەکان دەناساندو نەرم بوون بەرانبەر زەردەشتییەکان، لەوەی کە وەك ئەهلی کیتاب مامەڵەیان لەگەڵیاندا کردن و نوێنەریان بۆ دیاریی کردن لە کۆشکی خەلافەت(25) بەردەوام قەبارەی زەردەشتییەکان لە بچوکبونەوەو پووکانەوەدا بوەو نەیانتوانیوە بە ئۆقرەیی بژین، بۆ نمونە شەرعزانەکان بڕیاندا خوێنی هەموو کەسێکی مەجوسی یەکسان بێت بە 15/1 خوێنی هەر تاکێکی موسوڵمان، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ تەنگەتاوکردن و بەکەم تەماشاکردنیان (26)،رەنگە هۆکاری ئەمەش ئەوەبێت کە بەردەوام بەچاوی بت پەرست و ئاگر پەرست و مەجوسی تەماشای زەردەشتییەکان کراوە نەك ئاینێکی ئاسمانی کە هەمان مافی جوولەکەو کریستیانەکانیان هەبێت وەك ئەوەی لە سەردەمی فتوحاتی ئیسلامی بڕیاری لێدرا دەربارەیان.

## کۆتاییهاتنی زەردەشت پاش باڵا دەستبوونی ئیسلام

تێکڕای سەرچاوە مێژووییەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کۆتاییهاتنی باڵادەستی ئاینی زەردەشتی لە کوردستاندا بەهۆی بڵاوبونەوەی ئیسلامەوە بووە کە وردە وردە بوەتە جێگرەوەی ئەم ئاینە. هەرچەندە هەندێ لە مەشخەڵهەگرانی زەردەشتی باس لەوە دەکەن ئاینەکە بەتۆپزی و لەژێر زەبری "فتوحاتی ئیسلامی" دا کۆتایی پێهاتووەو بەشێوەیەکی ئارەزوو مەندانە نەبووە، بەڵام تائێستا ئەو پرسیارە هەر بێ وەڵامە بۆچی ئیسلام کۆتایی بە ئاینی زەردەشتی هێنا، کەچی جوولەکەو کریستیان و شوێنکەوتوانی ئاینی ئێزیدی لە سایەی حوکمڕانە موسوڵمانەکاندا پارێزگارییان لە ئاینەکانی خۆیان کردووەو کۆمەڵگا ئاینییەکانی خۆیان پاراست؟. محەمەد ئەمین زەکی بەگ ئاماژە بەوە دەکات پیاوە ئاینییەکانی زەردەشتی لە کوردستان خەڵکیان هاندا بەرەنگاری ئیسلام ببنەوەو تا ماوەیەك بۆیان ڕۆشتە سەر، بەڵام هەر کە نامۆیی ئیسلام لەلای خەڵکی کورد ڕەوییەوەو خەڵك ئاشنا بوون بەم ئاینە نوێیە کردیانە بەدیلی زەردەشتی و بەکۆمەڵ قبوڵیان کرد (27). دەقە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن لە سەرەتادا موسوڵمانەکان مامەڵەی شوێن کەوتوانی ئاینە ئاسمانییەکانیان کردووە لەگەڵ پەیڕەوانی ئاینی زەردەشتی(28)، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات ئەم ئاینە لە کوردستان ڕووی لە پووکانەوەو لەناوچوون کردوەو درێژکراوەو پاشماوەی بۆ سەردەمی نوێ نەبووە، بەم پێیەش ئەوانەی ئێستا بانگەشەی پەیڕەوی زەردەشتی دەکەن تەوژمێکی نوێن و وەکو جوولەکەو کریستیانەکان درێژکراوەو بەردەوامیی پێشینەکانی خۆیان نین کە پارێزگارییان لە مانەوەی ئاینەکەیان کردبێت بەبێ بچڕان.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان:

( ١ ) المسعودي: مروج الذهب،تحقيق كمال حسن مرعي، المكتبة العصرية، بيروت، 2005م،ج1، ص 175؛ الشهرستاني: الملل والنحل، دار الكتب العلمية، بيروت، ط3، 1992م، ج2، ص 265؛ خليل عبدالرحمن: أفِستاالكتابالمقدسللديانةالزرادشتية، روافد للثقافة والفنون، دمشق ط2، 2008م،ص 27؛ شفيع الماحي أحمد: زرادشت والزرادشتية، مجلس النشر العلمي، الكويت، 2011م، ص ص 15 _18 النقشبندي: الكرد في لرستان الصغرى (الشمالية) و شهرزور خلال العصر الوسيط، دراسة سياسية وحضارية، مؤسسة ذين، السليمانية، 2011م،ص ص 104 _ 105؛ نوري إسماعيل: الديانة الزرادشتية (مزديسنا)، دار علاءالدين، دمشق، ط7، 2009، ص 9؛ زرار توفيق صديق: القبائل والزعامات الكردية بالعصر الوسيط، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر، أربيل، 2007م، ص 142؛ عبد الرقيب يوسف: الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى، دار ئاراس، أربيل، 2002م، ج2، ص 173؛ آرثر كريتنس: إيران في العهد الساسانيين، ترجمة يحيى الخشاب، دار النهضة، بيروت، د.ت، ص 103.

(2) ماري بويس: تأريخ الزرادشتية من بدايتها حتى القرن العشرين، ترجمة خليل عبدالرحمن، مركز الدراسات الكردية، السليمانية، 2010م، ص 92؛ شفيع الماحي: زرادشت والزرادشتية، ص 31؛ حامد عبدالقادر: زرادشت الحكيم، مركز الإنماء الحضاري، القاهرة، 2006م، ص 80.

(3) أبي يوسف: الخراج، دار المعرفة، بيروت، 1979م،ص 129؛ الشهرستاني: الملل والنحل، تحقيق أحمد فهمي محمد، دار الكتب العلمية، بيروت، ط3، 1992م، ج5، ص 266؛ تهامي العبدولي: اسلام الأكراد، دار الطليعة، بيروت، 2007م، ص 90؛ أحمد علي عجيبة: دراسات في الأديان الوثنية القديمة، دار الآفاق العربية، القاهرة، 2004م، ص 118.

(4) الشهرستاني: الملل والنحل، ج2، ص 266؛ عبدالرفيع حقيقت: دور الإيرانيين في الحضارة، ترجمة علاء الدين عبدالعزيز السباعي، المركز القومي للترجمة، القاهرة، 2012م، ص 144.

(5) ماري بويس: دور الإيرانيين في الحضارة، ص 92؛ أحمد علي عجيبة: دراسات في الأديان الوثنية القديمة، ص 118؛ أحمد أمين: فجر الأسلام، دار الكتاب العربي، لبنان، ط10، 1969م، ص 101.

(6) تهامي العبدولي: إسلام الأكراد، ص 90.

(7) المسعودي: مروج الذهب، ج1، ص 175؛ عبدالله مبلغي العباداني: تأريخ الديانة الزرادشتية، ترجمة عبدالستار قاسم كلهور، مؤسسة موكرياني، أربيل، ط1، 2011م،ص 76.

(8) إبراهيم مرجونة: تاريخ الأكراد، مؤسسة شباب الجامعة، الأسكندرية، 2010م ص 438؛ تومابوا: مع الأكراد، ترجمه: آواز زنكنة، دار الجاحظ، بغداد، 1975م، ص 102؛ أنور المايي: الأكراد في بهدينان، مطبعة خبات، دهوك، ط2، 1999م،ص 80؛ محمد أمين زكي: خلاصة تاريخ الكرد، ترجمة محمد علي عوني، د.ن، مصر، ط2، 1961م، ص 161.

(9) المسعودي: مروج الذهب، ج2، ص 97؛ ابن خلدون: العبر،بيت افكار الدولية، الأردن _ السعودية، 1992م،ص 561؛ صموئيل أتينجر: اليهود في البلدان الإسلامية 1850 _ 1950م، ترجمة جمال أحمد الرفاعي، عالم المعرفة، الكويت، مايو 1995م، ص 15؛ تومابوا: مع الأكراد، ص 102؛ محمد أمين زكي: خلاصة تاريخ الكرد، ص 161؛ ياسين طه: الاتجاهات الدينية والمذهبية عند الكرد في العصر العباسي الثاني (232_656ه - 847_1258م)، قسم التاريخ، كلية الآداب، جامعة المنصورة، 2015م (رسالة ماجستير).

(10) الدينوري: الأخبار الطوال،تحقيق عبدالمنعم عامر، وزارة الثقافة والإرشاد القومي، مصر، د.ت،ص 25؛ المسعودي: مروج الذهب، ج1، ص 175؛ شفيع الماحي: زرادشت والزرادشتية، ص 28.